# عەشق

هێمن کەریم خورشید

عەشق بەفری وەرزێک نی یە
دوای چەند ڕۆژێ
بتوێتەوە
وەرینی گوڵاڵە نی یە
ساڵێکی تر
بڕژێتەوە
هەتاو نی یە لە ئاسۆوە
سەر دەر بێنێ
دەمەو بەیان
کانی نی یە تەنها بەهار
چاوانی پڕ بێ
لە گریان
پەپولە نی یە بە حەز خۆی
بفرێتە سەر
گوڵی ئاوات
عەشق نابێتە ئیلهامێک
لە شیعرێکدا شەو
بێتە لات
نە خەزانەونە پایزەو
نە سروەیەو
نە ڕەشەبا
گێژاوێکە خەیاڵێکە
هەموو عومرت
بۆ خۆی ئەبا
درەختێکی ڕەگ ئەستوورە
بە ناخی دڵا
ڕۆ ئەچێ
هەزار لق و پۆپی بشکێ
خەیاڵەکەی
لێ تێک ناچێ
باڵای هێندە بەرزە ئەوین
لە ئاسمانە
لە هەورایە
ئەوەی ڕۆژێ عاشق بوبێ
لێ ی بپرسی
ئەڵێ وایە

Hemn_kkhorshid@yahoo.com

بەریتانیا